# چۆن لێكۆڵینەوە یان تێزێك دەنوسیت
# توێژینەوەیەكی ڕێبازیی

## بۆ نوسینی لێكۆڵینەوەو ئامادەكردنی نامەی ماجستێر و دكتۆرا

## لەگەڵ چەندین زێدەباركراوی بژاردەی پێویست و سێ پاشكۆی تایبەت به ڕێزمانی عەرەبی و بنەماكانی ڕێنوسی


## دكتۆر أحمد شەلەبی
## بەكوردی كردنی: گەرمیان محمد أحمد


**كورتكراوەكان(الاختصارات):**

نوسەر و لێكۆڵیاران هەستاون بەكورتكردنەوەی ئەو چەشنە وشە تایبەتیانە لەكاتی نوسینەوەی نامەو لێكۆڵینەوەو پەرتووكدا فرە دووبارە دەبنەوە،بۆهەر چەشنە بابەتێك چەندێك لەوشە هەن كە دووبارە دەبنەوە، نەریتیش ڕێكە بۆ وەرگرتن و قایل بوون بەو كورتكراوانە، لەبری وشەكە نیشانەیەك دادەنرێت كەئاماژەیە بۆی، بۆئەم چەشنە كورتكراوانەش بەپێی جۆری بابەتەكە زانای تایبەت خۆی پێوە سەرقاڵكردووە، نابێت خوێندكار لەخۆیەوە كورتكردنەوە بهێنێتە بوونەوە، لەكاتێكدا پێشتر ئەو كورتكردنەوانە بوونێكی نەبووبێت.

گرنگترین كورتكراوەكانیش بریتین لە:

پ.ز یان ق.م = پێش زاین یان قبل المیلاد.

ز یان م= مێژووی زاینی یان تاریخ المیلادی.

ك یان هـ = مێژووی كۆچی یان تاریخ الهجری

(د–خ) یان (ص) = درودو سلاوی خوای لەسەربێت یان صلی الله علیه وسلم(باشتر وایە لەم بارەدا ڕستەكە بەدرێژی بنوسیتەوە لەبری كورتكراوەكە).

ب یان ج= بەرگ یان جزء

ل یان ص = لاپەڕە  یان صفحه(( كورتكراوه بەتەنها لە پەراویز یان دامێندا بەكاردێت))[1].

كۆمەڵێك كورتكراوەی تایبەت بە ژێدەرە بیانیەكان هەن پاشتر لەباسی دامێن((پەراوێن))دا دەیخەینەڕوو.

## واژەكانی خاڵبەندی و ڕێساكانی نوسینەوە و سەروبۆر:

### (علامات الترقيم وقواعد الإملاء والشكل)

نیشانەكانی خاڵبەندی زۆرجار وەستاوەتەسەر چۆنێتی لێتێگەیشتنی،ئەمەش هۆكارە بۆ دیاریكردن و جیاكردنەوەی بڕگە و باس و دێڕ و نیوچەدێڕەماناجیاوازەكان لەیەكتر؛چون بەم كارە شارەزای شوێنی چۆنێتی دەربڕینی تۆنە دەنگیەكانی ڕستە و وشەكان دەبی، بەخوێندنەوەی دەقی نوسراویش بەدەنگ بەباشی و ئاسانی تێدەگەی لەسایەی بوونی نیشانەكانی خاڵبەندییەوە، لەباری نوسراویشدا هەمان شت دروستە.

لەم پێناوەدا نیشانەكانی خاڵبەندی زۆر پێویست و گرنگن لە نوسینەوەی هونەریانەی چەرخی نوێدا، ئەگەر هەندێك نوسەر گرنگی ئەوتۆی پێنادەن لە نوسینەوەی پەڕتوك و گوتارەكاندا ئەوا نامە و تێز بەبێ خاڵبەندی مانایەكی نابێت، بۆیەش دەبێت خوێندكار بەوردی و جوانییەوە تێبینی شوێنی بەكارهێنانی خاڵبەندی بكات.

ڕێساكانی نوسینەوەش بەهەمان شێوازی خاڵبەندی گرنگن، دەبێت لێكۆڵەر بەباشی ئەم ڕێسایانە شارەزابێت، زۆر مایەی داخە گەر لەنامە و تێزدا هەڵەی ڕێنوسی بوونێكی هەبێت، هەڵەی ڕێنوس( Spelling)ئەو شتەیە كە لای ئینگلیزەكان مایەی پێقایل بوون نییە و بەتەواوەتی ڕەتی دەكەنەوە.

---

[1] ) ه, س یام ن,م= هەمان سەرچاوە یان نفس المصدر

س,پ یان م,ص = سەرچاوەی پێشوو یان المصدر السابق

ه,س,پ یان ن,م,ص= هەمان سەرچاوەی پێشوو, یان نفس المصدر السابق

ڕ= ڕۆژنامە , گ= گۆڤار

ژ=مارە , د= دكتۆر

چ یان ط =چاپ یان الطبعة , و یان ت= وەرگێڕان یان ترجمە( وەرگێڕ)

لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستاش نە نوسەران و نەش مامۆستایان گرنگی تەواویان بە ڕێنوسی و خاڵبەندی نەداوە بۆیە لەپاشکۆی یەك و سێی ئەم پەڕتووکەدا بەجوانی بۆم ڕوون کردوونەتەوە. لەبارەی جوڵەکانی سەروبۆر و ژێرە(فتحة، ضمة-كسرة) یان سەروخواری وشەی زمانی عەرەبیەوە ئەوا هیچ گرنگییەکەی کەمترنییە لە خاڵبەندی و ڕێنوس؛چونکە زۆرێك لەوشەکانی زمانی عارەبی پێویستی بە سەرو بۆری تەواو هەیە ئەگینا ماناکەی دەگۆڕێت و لەبریدا وشەیەکی دیکە دەنوسرێتەوەو خوێندنەوەشی هەڵەدەبێت،بۆئەمەش پێویستە لەسەر خوێندکار بەجوانی و بەدەنگی بەرز پاش نوسینەوەی دەقی نامەکەی خوێندنەوەی بۆبکات و بەجوانی دەری ببڕێت، یاخوود کەسێکی دیکە بۆی بخوێنێتەوەو خوێندکاریش گوێبیستی نۆتە و ئاماژەکانی خاڵبەندی و سەروبۆرە بەکارهێنراوەکانی نێو نوسینەکەی بێت و بزانێت چی لەکوێدا هەڵە نوسیوە چاکی بکاتەوە،بۆنمونە وشەی **لُبَدُ** جیاواز دەبێت لە وشەی **لَبَد** ە بەهۆی بۆر و سەرە بەکارهێندراوەکانیەوە, کە وشەی یەکەم مانای ماڵ و دراییی زۆر دەگەیەنێت و وشەی دووەمیش واتای خوری سواو دەدات، یاخوود وشەی **لاَغَ** (ترسا) جیاوازدەبێت لەوشەی **لاَغْ**( نەخۆشکەوت) و بەم شێوەیە, نابێت خوێندکار زێدەڕۆیی بکات لەدانانی سەربۆر بۆ وشەکان تەنها مەگەر بۆ باری پێویست نەبێت، دواتریش دەبێت بەپێی سەرەو ژێر و بۆری بەکارهێنراو بتوانێت وشەو مانای تەواو بدات بەدەستەوە،دانانی سەرەوژێرو بۆر بۆ قایلکردنی مامۆستایانی تاقیکارەوە نییە بەڵکو بۆ نیشاندانی تەواوەتی لێکۆڵینەوەکەی خۆتە،بۆ ئاماژەکردنیشە بەوەی لەهەموو ڕوویەکەوە گرنگیت بە لێکۆڵینەوەکە داوە، زانستی بێت یان ڕێبازی یاخوود سەرو ژێر و بۆر.

## دامێن یان پەراوێز: (الحاشیە-Footnote References)

لە پەراوێزدا سێ شتی زۆرگرنگ هەن شایەنی باس لێوەکردنن، ئەوانیش:

1- ئاماژەدان بەژێدەری سودلێوەرگیرا، جا سەرچاوەکە نوسراوبێت یان چاپکراو یام وانە و زارەکی دوان،بەم کارەی خوێندکار دان بە ڕۆڵ و کۆششی ئەوانەشدا دەنێت کە سوودی لێوەرگرتوون و بەهۆیانەوە ئەم نامەیەی هاتۆتە بوونیٚ، دیسانەوەش بۆئاماژەدانە بەو سەرچاوە گرنگانەی کە بوونەتە هەوێنی نامەکەی، لەسەر بنەمای ناواخنی ئەم سەرچاوانەش دەرئەنجامەکانی دیاری کردووە، دواتریش هەلێك بەخوێنەر دەدات بۆ دووبارە توێژینەوەی ئەم سەرچاوانە و فروانکردنی بواری زانیاری و لێکۆڵینەوەکانیشی.

2- ڕوونکردنەوەی دەق و وشە و ئاماژەکانی ناواخنی نامەکە، ناتوانیت ڕوونکردنەوە پێویستەکانی خۆت لەناواخنی نامەکەدا بسەلمێنیت بۆیە باشتر وایە پەنابەریتە بەر پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕەی نوسینەکەت و چیت دەوێت لەوێندەرێ ڕوونی بکەیتەوە، دیسانەوە بەدانانی ڕوونکردنەوەی ناپێویست لەناواخن و ناوەڕاستی بێژەپێکەوە گرێدراوەکانی نامەکەدا ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوە دەپچڕێنیت و شیاوی نامەکەش بۆ پلەکەی کەم دەکەیتەوە، بۆئەمەش پێویستە نیشانەی جیاکردنەوەی پەراوێزی نوسینی ڕوونکردنەوە جودابێت لە نیشانەی جیاکردنەوەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، گریمان نیشانەی بەکارهاتوو بۆ سەرچاوە بەکارهاتووەکان (1) ە، ئەوا دەبێت لەم کاتە نیشانەی (*) بۆ ڕوونکردنەوە بەکاربێنین، خۆئەگەر لەهەمان پەڕەدا ڕوونکردنەوەی دووەممان بۆ هاتە ئاراوە ئەوا بە (**) ئاماژەی پێدەدەین.

3- خوێنەر ڕاکێشی بەشێك یان باس و لاپەڕەکی دیکەی نامەکە بکەیت بەوەی شتی نوێ یان ڕوون و زیاتر لەبارەی دەقی نیشانکراوەوە لەبونێدایە، ئەمەش زیاتر بۆ خۆلادانە لەدەقی دووبارەیی.

**سێ ڕێگەهەیە بۆ ژمارەدان لە پەراوێزدا(هناك طرق ثلاث للترقيم بالهامش):**

1- دانانی ژمارەو هێمای تایبەت بۆهەموولاپەڕەیەك، بەجۆرێك لاپەڕەی یەك خاوەنی ژمارەو هێمای ڕوونکردنەوەی (1) بێت و ژمارەی دووش هەڵگری ژمارە و هێمای پەراوێزی تایبەت بەخۆی بێت بەبێ بوونی پەیوەندی زنجیرەیی ژمارەی پەراوێزی یەك بەدوایەکداهاتووی لاپەڕەیی، گۆڕانکاری لەپەراوێزی ئەم چەشنە لاپەڕانەدا ئاسانە، چونکە تەنها ژمارەی یەك لاپەڕە دەگۆڕێت.

2- دانانی ژمارەی یەکبەدوایەکداهاتووی زنجیرەیی بەپێی بەشەکان، لەم بارەدا ئەنجامدانی هەرچەشنە گۆڕانکارییەك لەپەراوێزی یەك لاپەڕەی بەشەکەدا مانای گۆڕانی ژمارەی تەواوەتی هەموو پەراوێزەکانی بەشەکەیە، بۆئەمەش دەتوانی پەراوێزەکان لەژێری هەموولاپەڕەکانەوە دابنێیت یاخوود هەمووی لەلاپەڕەی کۆتایی بەشەکەدا کۆبکەیتەوە بەژمارەوە.

3- دانانی ژمارەیەکی زنجیرەیی بۆهەموو پەراوێزی بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە، گۆڕانکاری لێرەدا مانای گۆڕانی هەموو ژمارەی پەراوێزەکانی لێکۆڵینەوەکەیە هەرلەسەرەتاوە تاکۆتا، دەتوانی سەرجەم پەراوێزەکانیش لەدوا پەڕەی لێکۆڵینەوەکەدا بەڕێکی کۆبکەیتەوە.

ئەو ژمارەیەی لە ناواخنی لاپەڕە دادەنرێت پێویستە نەختێك بەرزتر بێت لەوشە نوسراوەمان بەم شێوەیە: [(1)] ، چوکلەشی بەدوادا دانانرێت، بەڵام گەر لەکۆتایی وشەکانەوە بوو ئەوا نوختەی تەواوبوونی ڕستەی بۆ دادەنێین.

لەکاتی نوسینەوەی نامەی بیرکاریدا باشتر وایە لەبری 1 و 2، أ و ب و ج بەکاربهێندرێت و بشخرێنە نێو کەوانەی بەرزی جودا لە نوسراوە فەرمیەکەی ناواخنی نامەکەوە.

ناواخنی نامەکان و پەراوێزەکان بەهێڵێکی ئاسۆیی جیادەکرێنەوە کە نەختێك مەودا لەخوار و سەرووی هێڵکەوە بەجێ هێڵدراوە و وەکو سنورێکی جیاکارەوەی ئاماژەیی بەکاریەت، بابەتی نوسراوی پەراوێزیش لەژێر ئەو هێڵەوە دەنوسرێتەوە، کورتەخەت ( - ) ئێکیش لەپاش ژمارەکەی سەرەتای پەراوێزەکەوە دادەنرێت، دەبێت ژمارەکان بەجوانی و ڕێکی لەژێر یەکتردابن و لەشێوەی:

1- ابن خلکان: وفیات الاعیان، ج2 ص 127

2- السبکی: طبقات الشافعیة الکبری ج3 ص 123

هەروەها پێویستە ئەم خاڵە گرنگانەش بزانین لەبارەی نوسینی پەراوێزەوە:

1) خۆئەگەر دوو یان سێ کەس پێکەوە پەڕتووکێکیان نوسی بێت ئەوا دەبێت ناوی هەموویان بنوسینەوە لەشێوەی: حامد عبدالقادر و محمد عەتیە ئیبراشی و محد مەزهەر سعید: فی علم النفس ج2 ص75.

2) بەڵام ئەگەر نوسەرانی پەڕتووکەکە پترلە سێ نڤیسیاربوون ئەوا ناوی یەکدانەیان بنوسە و پاشتر بنوسە: ئەوانی دیکەش، بۆنمونە: دەنوسین ئەحمەد ئەسکەند و ئەوانی دیکە( وأخرون): المنتخب من أدب العرب ج1 ص94.

3) ئەگەر ناوی نوسەر دیار نەبوو ئەوا لەپەراوێزدا دەنوسیت: منهاج المتعلم (مجهول المؤلف- بەبێ ناوی نوسەر) ص84.

4) ئەگەر لەناواخنی نامەکەدا بەتەواوەتی ناوی نوسەر هێنرابوو ئەوا لەپەراوێزدا نایەوێت، تەنها ناوی پەڕتووکەکەی بنوسەوە بەسە، گریمان لەناواخنی نامەکەتدا نوسیوتەوە: یاقووت دەڵێت.....ئەوا لەپەراوێزدا دەنوسیت: معجم البلدان ج6 ص174.

5) ئەگەر ناوی نوسەر و ناونیشانی پەرتوکیش لەناواخنی نامەکەدا هاتبوون ئەوا دووبارەیان مەکەرەوە، ئەگەر گوترا: لەگەشتنامەکەیدا ابن جبیردا ئاماژەدەکات بەوەی.... لەپەراوێزدا دەنوسیت: ص 65.

6) ئەگەر وەرگیراوەکە لەوەرگێڕانەوەبێت بەهۆی نەزانینی زمانی فەرمی پێنوسراوی پەرتەکەکەوە لەلایەن خوێندکارەوە ئەوا لەم کاتەدا بۆئاماژەکردن بە پەراوێز ئەم شێوازە بەکاردێت: ئادم متز: الحضارة السلامیة فی القرن الرابع الهجري ج1 ص192 من الترجمة العربیة المحمد عبدالهادي أبو ریدة.

7) خۆئەگەر دەقە وەرگیراوەکە لە سەرچاوەی دووەمەوە بووبێت بەهۆی دەست نەکەوتنی سەرچاوە یان کتێبی بنچینەیی ئەوا بەم شێوەیە دەینوسین: سبط بن الجوزی: مرآة الزمان ج8 ص227.

جەرجیس عەواد ئەم دەقەی لێوەرگرتوەو لەکتێبەکەیدا(( خزائن الكتب القديمه في العراق)) ص 155 خستویەتیە ڕوو.

8) خۆئەگەر دەقە وەرگیراوەکە لە گۆڤار یان ڕۆژنامەیەك بوو ئەوا دەبێت ناونیشانی گوتار یان بابەت و دواتریش ناوی نوسەر وناوی گۆڤار و ژمارەی دەرچوونی و مێژووەکەی بنوسرێتەوە، بۆنمونە: تحف جديده من الخزف الفاطمي ذى البريق المعدني، بحث للدكتور زكي حن نشر بمجلة كلية الآداب: المجلد الثالث عشر، الجزء الثاني(ديسمبر سنة 1951) بڕوانە لاپەڕەی 91و دواتری(انظر صفحة 91 و بعدها).

9) ئەگەر دەقە وەرگیراوەکە دەستنوسی پێشتر بڵاونەکراوە بوویێت ئەوا ناوی دەستنوسەکە و شوێنی بوونی و ژمارەکەی دەنوسرێتەوە: ابن حجر: رفع الإصر عن قضاة مصر، ص295، مخطوط: دار الكتب المصرية رقم 105 تاريخ.

10) وتووێژی زارەکی یان وانەش پشتیان پێدەبەسترێت، بەم شێوە ئاماژەشیان پێدەدرێت:
ئاغا بزرج: حديث شخصي (وتوێژی تایبەتی زارەکی) أذن بالإشارة اليه.
یان: الدكتور إبراهيم مدكور: محاضرة عامة بتاريخ...أذن بالاشارة إليها.

11) خۆئەگەر یەك سەرچاوە دووجار لەیەك لاپەڕەدا بەکارهێنراوە ئەوا تەنها جاری یەکەم بەتەواوەتی ناوی سەرچاوەو نوسەر و ژمارەی لاپەڕەو ساڵ و شوێنی چاپی دەنوسرێتەوە، بەڵام بۆجاری دووەمی نێو هەمان لاپەڕە تەنها دەنوسرێت نفس الصدر (هەمان سەرچاوە) ل85.

12) خۆئەگەر دووبارە بوونەوەکە بەبێ بوونی ناوبەینی سەرچاوەبێت بۆ سەرچاوەیەکی بەکارهێنراوی بیانی ئەوا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەدرێت: Ibid p.18.

13) ئەگەر ناوبەینییەك هەبوو لەنێوان یەك سەرچاوە دووجاربەکارهاتووەکەدا ئەوا بەم شێوەیە دەینوسین: سیوطی: المرجع السابق(سەرچاوەی پێشوو)، ص یان ل 62.

14) لەباری بوونی سەرچاوەی بیانیدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەکەین: op.cit، 27
Op.cit = opero citato= In the work cited.

15) خۆئەگەر دەقی وەرگیراو لەهەمان سەرچاوەو بەش و لاپەڕەوەبوو ئەوا دەنوسین: هەمان شوێن (یان نفس المكان).

16) لەباری بوونی سەرچاوەی بیانیشدا دەنوسین:
Loc cit = ioco citato =in the plsce cited.

17) پێویست نابێت ناو و ناونیشانی نوسەرەکە بەتەواوەتی بخەیتەڕوو گەر نڤیسیار بناوڤ و دەنگ(بەناوبانگ) بوو، وەکو: الصابی: تاريخ الوزراء ص 78، لەبری ئەوەی بنوسیت: أبو الحسن الهلال بن المحسن بن إبراهيم الصابى: تحفة الأمراء في التأريخ الوزراء ص78.

18) وەکو: Coke R.Bagdad p.13 لەبری ئەوەی بنوسیت:

Richard coke:The city of peace p.13

19) لەسەرچاوە بیانیەکاندا لەبری بەرگ دەنوسرێت Vol کە کورتکراوەی Volume، بۆ پەڕەش دەبێت بنوسیت .P کە کورتکراوەی Page.

20) ئەگەر خوێندکار چەند پەڕەیەکی یەک بەدوای یەک وەردەگرێت ئەوا لاپەڕەی سەرەتا و کۆتایی تەنها ئاماژە پێدەکات، وەکو لاپەڕەکانی 214–219 و بەم شێوەیە، دەبێت بزانین کورتکردنەوە بۆ ژمارەی دوانی ناکرێت، وەکو 52–57

هەروەها – ئەگەر ژمارەکە چووە بۆتەی هەزاران و سەدانەوە ئەوا دەتوانی بۆ دەیانی کورتبکەیتەوە، لەشێوەی:....... لاپەڕەکانی 327–29 لەبری ئەوەی بنوسیت 327–329 یان وەکو:.... لاپەڕەکانی 1375–77بەڵام گەر سفر لەنێو ژمارەکاندا هەبوو ئەوا نابێت کورتی بکەینەوە 1000–1003 یان 600–604. باشتریش وایە بگوترێت ل327 و لاپەڕەکانی پاشتری.

21) بۆسەرچاوەی بیانیش بەم شێوەیەی دەنوسین: PP.17-19

واتە لە ل17 بۆ ل19

PP.17 F واتە ل17 و لاپەڕەکەی پاشتری

PP.17 FF واتە ل17 و لاپەڕەکانی پاشتری

22) ئەگەر ئاماژە بە سەرچاوەیەکی دیاری نێو پەرتووکەکەدەکات، ئەوا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی و داگرتنی ژمارەی لاپەڕەکان نابێت بۆنمونە: السیوطي: تاریخ الخلفاء،في أمكنة متعددة.

23) ئەگەر سەرچاوەکە بیانی بوو ئەوا وشەی لاتینی Passimبەکاربێنە کەمانای ئێرەو ئەوێ یە، بەم شێوەیە:

Passim،Literary Hisstory of Persia،A،G، Browne E

24) ئەگەر خشتەیەک بەکارهێنرابوو، خشتەکە پێویستی بە ئاماژەی پەراوێزی بوو ئەوا نابێت لەلاپەڕەی دواتردا ئاماژە بە ناونیشانی خشتەکە بکەیت، بەڵکو دەبێت لەهەمان لاپەڕەبێت، با خشتەکە چەندە گەورەش بێت ئەوا هەرلە پەڕەی یەکەمدا ناونیشانی تەواوی خشتەکە دەنوسیتەوە. پێویستمان بە دانانەوەی شوێن و ساڵی چاپ نابێت لە پەراوێزدا، ئەمەش دواتر لە لیستی سەرچاوەکاندا بەوردی باسی لێوەدەکەین. ئەگەر ڕوونکردنەوەکانی ناونیشان لەپەراوێزدا بەیەک دێڕ بەس نەبوو ئەوا لەدێڕی خوارەوەی پاقیمەنی نوسراوەکە

ناونیشانیەکە دەنوسرێتەوە بەو مەرجەی لەژێر ژمارەی پەراوێزەکەوە نەختێك بۆشایی جێبهێڵدرێت و دواتر دێڕی دووەم بنوسرێتەوە.

**بەکارهێنانی ژمارە لەناواخنی نامە و تێزدا(استعمال الأرقام في الصلب الرسالة):**

لێکۆڵەران سیستمێکی تایبەتیان داناوە بۆ بەکارهێنانی ژمارە لە نامەدا، جگە لەمەش سیستمەکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەکارهێنانی ژمارە لەشێوەی: دووهەزار– دووسەد و سی– سەد و چل و سێ، بەڵام لەسێ ژمارە زیادتربێت ئەوا بە خوودی ژمارە دەنوسرێتەوە 1465.

هەندێك ژمارە هەن کەنابێت بە ڕێنوس بیان نوسینەوە بەڵکو دەبێت بە ژمارە ئاماژەیان پێبدەین، وەکو: ژمارەی بڕی پارە، ژمارەی خانووی لە شەقام، ژمارەی تەلەفۆن، ژمارەی لاپەڕەی کتێب، ژمارەی ڕێژەی سەدی، مێژوو، ئەو ژمارانەی دەخرێنە نێو لیستی خشتە و سەر وێنەکانەوە.

هەروەها ئەگەر ژمارە کەوتە سەرەتای دێڕەوە ئەوا بە ڕێنوس دەینوسین، وەکو ئەوەی بڵێیت: هەزار و سێسەد و بیست کەس بوونە قوربانی زەمین لەرزە ترسناکەکە، پێویستە خوێندکار هەوڵی خۆبەدوورگرتنیش بدات لەم چەشنە ڕێنوسە و گەر بەکاریشی هێنا هەڵەی بەکارنەهێنێت..

ئەگەر ژمارەکە لەسێ ژمارە زیادتربووئەوا باشتر وایە لەپاش هەرسێ ژمارەیەکەوە چوکڵەیەك(فاریزەیەك) دابنرێت، وەکو: 2،573 یان 26،453،792.

کەرتیش ئەگەر بەتەنها بوو ئەوا بە ڕێنوس دەنوسرێتەوە لەبری ژمارە، وەکو: نیوەی سوپاکە، هەروەها ژمارەی تاك یان خانەی یەکان بە ڕێنوس دەنوسرێتەوە وەکو چوار مەتر، بەڵام جگە لەمە ئەوا بە ژمارە دەنوسرێتەوە $16\frac{1}{2}$.

**خشتەکان(الجداول):**

زۆرجار بۆئاماژەکردن و ڕوونکردنەوەی خاڵێك خوێندکار پەنادەگرێت بە خشتەکان، یاخوود بۆ مەبەستی دەرخستنی بیرۆکەیەك یاخوود بەراوردکاری لەنێو دوو دەق و کەسایەتی و زانیاریدا،نمونەی ئەمەش گریمان خوێندکارێك باس لە تێکچوونی کاروبارەکانی وڵات بەهۆی وەزیرگۆڕانی زۆرەوە لەسەردەمی خەلیفە مستنصری فاتمی لەمیسردا دەکات، ئەم چەشنە خێرا گۆڕانانە ڕێگەی بەهیچ شالیار یان وەزیرێك نەداوە بۆماوەیەکی باش لەسەر پێگەکەی خۆی بمێنێتەوە. پاشتر خوێندکار هەڵدەستێت بە هەژماردنی وەزیرەکان لەسەردەمی ئەم خەلیفەیە و

بەپێی خشتەیەك ڕێكیان دەخات، تێیدا مێژووی دەست بەكاربوون و دەستهەڵگرتنی وەزیرەكان لەكاروباری وڵات ئاماژە پێدەكرێت.

لێرەوەش تێبینی ئەوەدەكەین كە خشتەكە دابەشی چەند ستونێكی ئاسۆیی و ستونی دەكرێت، هەریەكە لەو ستونانەش هۆكارن بۆ خستنەڕووی ڕاستییەك، ستونێك ناوی وەزیرەكانی تێدایە، ستونێكی دیكە ڕۆژی دەست بەكاربوونی، ستونێكی تر ڕۆژی دەست لێهەڵگرتنی، ستونی چوارەمیش كۆی ماوەی بوونی لەو پێگەیەدا دەخاتەڕوو. خشتەكە پاش چەند دێڕێك لەڕوونكردنەوە دادەنرێت، وەكو ئەوەی دەڵێیت:.... ئەو تێكچوون و بارگرژییەی لەسایەی خێرا گۆڕانی وەزیرەكانی وڵاتەوە تاوێك نا تاوێك دەردەكەوت، ببووە هۆی پەكخستنی كاروبارەكانی وەزیر و وڵاتەكەش، هیچ وەزیرێك نەیدەتوانی لەجێگەكەی خۆیدا بۆماوەیەك بمێنێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵكێكی زۆر بكرێن بەوەزیر لەماوەیەكی كەمدا، ئەمەش لەخشتەكەدا ڕوونكردنەوەی زیادتری بۆكراوە:

| ناوی وەزیر(شالیار) | كاتی دەست بەكاربوونی | كاتی دەست لەكاركێشانەوەی | ماوەی بەدەستەوەبوونی پلەكەی |
|---|---|---|---|
| ابن الانباری | 436 | 440 | 4 ساڵ |
| ابو منصور الفلاحی | 440 | 440 | چەند مانگێك |
| أبو البركات الحسین | 440 | 441 | نزیكەی ساڵێك |
| أبو الفضل سعید | 441 | 442 | نزیكەی یەك ساڵ |

باشتر وایە هەموو ستونەكانی خشتەكە لەنێو یەك پەڕەدابێت، جا بەپانی بێت یام بەرێژی، خۆئەگەر درێژی یان پانی خشتەكە فراوان بوو ئەوا دەبێت لەپەڕەیەكی گەورەتردا بنوسرێتەوەو ڕابكێشرێت، ئەمەش زیادتر بۆ زانیارییەكانە بە ئاسۆیی، بەڵام زانیاری بەستوونی ئەگەر زۆربێت ئەوا دەتوانرێت بخرێتە لاپەڕەیەكی دیكەوەو دواتر لەلاپەڕەكەی دی لەخواری خشتەكەوە بەهێمایەك ئاماژە بەبوونی ستونەكانی خشتەكە بكرێت، لە لاپەڕەی ئەودیویش دەبێت ئاماژە بەوەبكرێت كەئەمە تەواوكراوی خشتەكەی پەڕەی پێشووترە. ئەگەر لەخشتەیەكدا باس لە گەشەی بودجەی دامەزراوەفێركارییەكانی میسربكەی لەنێوان چەندساڵێكی نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا، ئەوا دەبێت بۆ ژمارەی هەموو ساڵەكان ستونێك دروست بكەی، ستونێكی دیكەش بۆ بودجەی وەزارەتی پەروەردە و سێیەمیش بۆ كۆلێجی پۆلیس و چوارەمیش بۆ كۆلێجی جەنگی و پێنجەم بۆ بودجەی زانكۆكان...ستونێكی دیكەش بۆ دەرخستنی هەموو

خەرجییەکان بەکۆکراوەیی، ڕەنگە پێویستت بە ستونێکی دیکەش بێت بۆ دەرخستنی ڕێژەی بوون و گەشە و کەمکردنی بەپێی بودجەی دەوڵەت لەچاو کەرتەکانی دیکەی فێرکارییدا. ئەم هەموو ستونانە دەبێت بخرێنە نێو یەك لاپەڕەوە جا پانیەکەی چەندێك بێت گرنگ نییە، بەلام لەڕووی کات یان ساڵەکانەوە ئەوا دەتوانی پاشماوەکەی لەلاپەڕەی داهاتوودا ئاماژە پێبدەی.

خۆئەگەر خشتەکەت لەپەڕەیەکی تایبەت و سەربەخۆدا دانا، ئەوا پێویستە پێشتر لەپەڕەکەی پێشیەوە ئاماژە بەبوونی خشتەی پەڕەی دواتر بدەی، وەکو ئەوەی دەبێت بڵێیت: خەڵکی زیادتر بەپیری فێربوونەوە ڕۆیشتوون لەمیسردا، حکومەتیش پێخۆشبوونی خۆی لەم بوارەدا دەربڕی بوو، خوێندنگە و زانکۆی فراوان کرانەوە، بودجەی دەوڵەت لەم بوارەدا چەندین قات و هێند زێدەتر بوو، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ساڵانە بڕێکی زۆری داهات بۆ ئەم کەرتە تەرخان بکرێت لەبودجەی دەوڵەت (خشتەی ژمارە...).

لەبەرئەوەی خشتەکە لەلاپەڕەکی سەربەخۆدا بووە ئەوا ژمارە وەردەگرێت و خاوەنی ناونیشان و تایبەت مەندی تەواوی خۆی دەبێت، بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە 6**

**دەرخستنی بودجەی دامەزراوە فێرکارییەکانی حکومەت لەمیسر بۆ ساڵانی 1900–1950**

**(دواتریش خشتەکە دادەنرێتەوە)**

لەخشتەکاندا وردییەکی زۆری پێویستە، بۆئەوەی بێخەوش و کەم و کورتی بێت، تاوەکو ژمارەی زیادتر بەکاربێنی خشتەی زۆرتر دەکەوێتە نێو نامەکەوە؛ چونکە ژمارەدانان لەژێر یەکتردا بەراوردی نێوانیان بەدیاردەخات، ئامانجی سەرەکی لێکۆڵیەریش دەخاتەڕوو.

**پاشکۆی ژمارە(ملحق رقم) (1)**

**نیشانەکانی خاڵبەندی(علامات الترقيم)**

ئەم دەقانە پوختە و پشت بەستە بە پەڕتووکی ((ئەنجامی ڕێنوس)) ی شێخ موستەفا عەنانی و ئەو نامەیەشی لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردندا لەساڵی 1932 بلاوم کردەوە لەبارەی تاج و نیشانەکانی خاڵبەندییەوە.

• یەك خاڵ (نوختە–النقطة) لەکۆتایی ڕستەدا دادەنرێت بەمانای کۆتایی هاتنی دەقی ڕستەکە و بڕانەوەی دێت ، هەروەها لەکۆتایی کورتەبڕگەش دادەنرێت ، وەکو: ڕۆژەکانی وڵات. ئەوەی لەخۆی بایی بوو ون بوو، ئەوەی دژایەتی ڕاستینەی کرد تیاچوو.

، وێر گووڵ(چوکڵە–الفاصلە) لەم بارانە دادەنرێت:

یەکەم– پاش لە دەقێکی بانگکردن دادەنرێت، وەکو: ئەی عەلی، تیانوسەکە بێنە.

دووەم–لەنێوان دوو ڕستەی پێکەوەبەستراو لەڕووی شیکردنەوەوە، وەکو: باشی قسە لە کورتبڕی و بەهێزیدایە، ئەوەی درێژدابڕی بکات بێزاری دێنێت.

سێیەم– لەنێوان مەرج و پاداشت و لەنێوان سوێند و وەڵامدانەوە، وەکو:

ئەگەر تۆ لەمیسربیت و دانەنیشتبیت

لەسەر ڕووباری نیل، ئەوا تۆ لەمیسر نیت

وەکو: ئەوەی شتی خراپ لەوانی دیکە قەدەغەبکات و لەخۆی نا، ئەوە گەمژەیە.

چوارەم–لەکاتی بوونی ئامرازەکانی پەیوەندی و درێژبونەوەی ڕستەکەدا، وەکو: بازرگانی بێشکست بوونی نییە و،خوێندکاریش نییە ئیش بەئامۆشیاریەکانی باب و دایك و مامۆستاکەی بکات و، پیشەوەرێکیش نییە بەڵێنەکانی لەکاتی خۆیدا بەدی بێنێت[2] .

؛ خاڵبەند(نوختەبەند–خاڵ لەژێر–الفاصلة النقوطة) لەم بارانەدا بەکاردێت:

پاش لەڕستەیەك کەهۆکارێکی هەبێت، وەکو: محمد باشترین خوێندکاری دەستەکەیەتی ؛ چونکە پەیوەندی باشی وەگەل مامۆستا و هاوڕێکانیداهەیە، لە وانەکانیدا دواناکەوێت، بەباشی گرنگی بەوانەکەی دەدات [3].

: دووخاڵ (دوونوختە–دووخاڵی سەریەك–النقطتان) لەم بارانە بەکاردێن:

یەکەم–لەپاش ناونیشانە لاوەکیەکانی سەرەتای دێڕ، لە دێڕەکانی دواترەوە دەستدەکرێت بە قسەکردن لەبارەی سەردێڕەکەوە، لەم پەڕتووکەشدا نمونەی زۆری ئەم شێوە خاڵبەندییە هاتوون.

دووەم–لەنێوان بێژەی وتن و قسەی قسەکاردا، وەکو:

عەلی بڕیاریدا جنێوم پێبدات منیش لێی خۆش دەبم و پاشتر دەڵێم: گرنگ نییە بەلامەوە

---

[2] ) هەرچۆنێك بێت وێرگوڵ (, ) نیشانەی وەچاندانێکی کورتە–وەرگێڕ).

[3] ) بەشێوەیەکی گشتی لەزمانی کوردیدا ئەم خاڵبەندە وەکاردێت وەکو نیشانەی نێوان ڕستەو نیوڕستە؛ یان لەنێوان دوو ڕستەدا کە ماناکانیان تەواوکاری یەکتربن–وەرگێڕ)

سێیەم–لەنێوان شتێك و بەش و لق و جۆرەکانیەوە، وەکو: پەنجەکانی دەست پێنج دانەن: توتە و براتوتە و زەرنەقوتە... و وەکو: دوان هەرگیز تێرنابن: زانست خواز و پارە خوا.

چوارەم–پێش لەنمونەهێناوە، بەزۆریش پاش لەوشەی (وەکو–بۆنمونە) بەکاردێت[4].

؟ (نیشانەی پرس–علامە الاستفهام) پاش لە ڕستەی پرس بەکاردێت، جا هەرچی و چۆنێك بێت، وەکو: بێدەنگی شەو و جوانی ڕووی هەیڤت بەدڵە ؟

! (نیشانەی هەڵچوون–سەرسوڕمان–علامە الانفعال) لەپاش ڕستەی دەربڕینی خۆشی و خەم و سەیر و فریادڕەسی و داوای لێبوردندا دادەنرێت ، وەکو: ئای ! یان وای ! ئاهە!

– (تەقەڵ–کورتەخەت–پێکەوەبەستەر–الشرطة) لەم بارانە دادەنرێتەوە:

یەکەم–لەسەرەتای دێڕ و لەکاتی قسەکردنی کەسێکدا کە نوسەر زۆرجار ناوی بهێنێت، یان لەبری ناو دادەنرێتەوە، وەکو:

موعاویە بە عومەری کوڕی عاصی گووت: ڕادەی ژیریت چەندە؟

–هیچت نەکردە دەستت لێی هەڵنەگرتبێت.

–بەڵام من هەرگیز نەچومەتە ئیشێکەوەو بمەوێت لێی بەدەرکەوم.

دووەم– لەنێوان ژمارە و ژمێردراو، ئەگەر وەکو ناونیشان بکەوێتە سەرەتای دێڕەوە، وەکو:

یەکەم –......................... یان 1–..............................

دووەم–......................... یان 2–..............................

سێیەم–...................... یان 3–..............................

–...– جووت کورتەخەت(الشرطتان): وەکو ئاماژەیەك بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕستە یان وشەی دژبەیەك دادەنرێت، ئەوەی پێش و پاشی کورتەخەتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، وەکو:

کورتکراوەیە–بەچاوپۆشین–لەپەڕتووکی.....[5] .

(( )) جووت شوڵ(الشولتان المزدوجتان): بەکاردێت بۆ گواستنەوەی دەقی وتراوی کەسێکی تایبەت بەبێ دەستکاری کردن، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی وتەی تایبەتی لێکۆڵەرە لەکەسانی دیکە، بۆیە گەر لێکۆڵەر قسەی خۆی هەبوو ئەوا نایەوێت بیخاتە نێوان جووت شوڵەوە،ئەمەش دەتوانین لەهەمان باری نزیك بە جووت کورتەخەتدا وەکاری بێنین، بەڵام گەر زۆرینەی قسەی

---

[4] ) نیشانەی باسلێکردن و لێکۆڵینەوەو زیاتر شیکردنەوەو بەدواداچوونکردنی دەقی پێش دوو نوختەکەیە و, مانای وچانێکی ناوەنجیش دەدات–وەرگێڕ).

[5] ) یاخوود بۆ گەمارۆدانی وشەیەکی تایبەت بەکاردێت , وەکو: لەباژێری ئێمەدا–کەلار–ڕۆشنبیری زۆر هەیە–وەرگێڕ).

**وتراو هی بێگانەکان بوو ئەوا قسەی خوودی لێکۆڵەر دەخرێتە نێو جووت شوڵەوە ((لەپێناو ئەمەدا)) دەخرێتە نێو جووت شوڵەوە.**

**(   ) (کەوانەی ئاسایی، پەرانتێز –القوسان): لەنێو ئەم کەوانەیەدا ئاماژەکانی شیکردنەوە دادەنرێتەوە ، بۆنمونە ڕوونکردنەوەی وشەیەکی گران هاتووی نێو لێکۆڵینەوەکە، بۆنمونە: عومەر(خوای لێی قایل مەندبێت) نمونەی جێنشینی چاك و دادوەرە.**

**[      ] (کەوانەی گۆشەدار–جووت لاچەماو–القوسان المرکنان): زیاوەی وەرگێراوی دەقی تیادا دادەنرێتەوە، یاخوود بۆ ڕاستکردنەوەو ڕوونکردنەوەی دەقی مەبەستە.**

**...... (چەند خاڵ،سڕینەوە–علامة الحذف ) کۆمەڵێك نوختەی ئاسۆیین کەمترینیان سێ خاڵە، لەجێگەی دەقە سڕدراوە وەرگیراوەکەدا دادەنرێتەوە، بۆ کورتکردنەوەو گەیاندنی دەقەکە بەکەمترین وشە[6].**

---

[6] ) <<   >> گیومە : نیشانەی گێڕانەوەی مەبەستێك بەزمان کەسێکەوە

؟! نیشانەی پرسیاری سەر سوڕێنەر.

{   } کرۆشە: نیشانەی مەبەست و ڕستەی جیاوازە(وەرگێڕ).